# ئاركۆن
# و
# ڕەخنەی ڕۆژهەڵاتناسی

**ن. مەحمود عەزەب**
**و. ئومێد تۆفیق**

له ئێستا و ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتناسی جێگای مشتومڕ و سمبولەكانی له زۆركاتدا به نازانستی و نابەتیانه توێژینەوەیان لەسەردەكرێ, هۆی ئەمه ئەوەیه عەرەب و موسڵمانەكان لەلایەن خۆیانەوه كاتێ ڕۆژهەڵاتناسی و ڕۆژهەڵاتناسەكان, تاوتوێدەكەن, زۆرترینیان له ژێر كاریگەری هەست و سۆزدا لەم پرۆژەیه دەڕوانن.. لەوێدا ڕۆژهەلاتناسی پەیوەستدەكرێ به جوولانەوەی كۆلۆنالیزمی و ناسناوێكی تەڵخی بۆ دروستدەبێ.

ئەو كەسانەش به ڕۆژهەڵاتناسی دەناسرێت لەم پێناسەیه تەرێزدەكەن و به پێچەوانەوە وایان پێباشه به (عەرەبناس ARABNISANTS ) یاخود شارەزای بابەته ئیسلامییەكان (LSLANOLOGUES) ناودێربكرێن, ئەم دەربڕینه بەم شێوەیه نییه گشت عەرەب و موسڵمانێك له ژێر كاریگەری هەستدا دەربارەی ئەم بابەته نووسیویانه, هەروەك هێماكانی ڕۆژهەڵاتناسی به گشتی تاریكبینن و له ڕاوبۆچوون و توێژینەوەكانیاندا لایەنگرانه نەیاننووسیوه.

لەم تاوتویێ کورتەدا دەربارەی ئەم بابەتە, یەکێك لە زانا گەورەکانی بواری بابەتە ئیسلامییەکان لە زانکۆکانی فەرەنسا و ئەوروپامان لەگەڵە واتا **محەممەد** ئارگۆن مامۆستای مێژووی فیکری ئیسلامی.

ئارگۆن لە ولاٌتێکی خاوەن رۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی پێگەیشتووە, ژیانی خۆی لەو زانکۆیانەوە دەستپێکردووە کە مامۆستا فەرەنسییەکان وانەیان تێداوتووەتەوە, پێش ئەوەی بگوازرێتەوە فەرەنسا , بە جیابینی و تێڕوانینە گشتییەکانی ئەو ولاٌتە ئاشنابووە, هەروەك (ئیشتیفان فیڵد) دەڵێ: سەرەتای ژیانی خوێندن و عەقڵگەرایی ئارگۆن بە تێپەڕاندنی سنوورەکان دەستپێکرد تا ئەو دەمەی لە ساڵی ٢٠٠٣ خەلاٌتی (ئیبن روشد بۆ بیری ئازاد) وەردەگرێ.

**لە درێژەی قسەکانیدا فیڵد دەڵێ:**

پێدەچێ باشترین رێگا بۆ وەسفی ژیان و هەڵسوڕانەکانی **محەممەد** ئارگون دەستەواژەی تێپەڕاندنی سنوورەکانی بێ بە هەمیشەیی, سنووری یەکەم لای ئەو یەکەم پێگەی لەدایکبوونیەتی, ئارگۆن لە ساڵی ١٩٢٨ لە رەچەڵەکی بەربەڕی لەدایکدەبێ, کاتێ روودەکاتە خوێندنی زانکۆ سنووری جوگرافی دەشکێنێ, چونکە دەریای ناوەڕاستی لە جەزائیرەوە تا پاریس بڕیوە بۆ خوێندنی سۆربۆن, پاشان رەگەزنامەی فەرەنسی وەردەگرێ و بەم پێیەش سنووری زمانەوانی و رۆشنبیری و سیاسی تێکدەشکێنێ.

هەموو تێکشکاندنێك لای ئەو ماڵئاوایی و ماندوویی و خەفەتێك بووە, لە هەمانکاتدا کرانەوەیەکی نوێی بەخشیوە پاشان دەرفەتێك..

**گرفتەکانی ئەم توێژینەوە کورتە پرسێکە دەڵێ:**

رەخنەگری رۆژهەلاٌتناسەکان کاتێ دەبێ بە هەڵگری ئاوێنەی بەربەری, عەرەبی موسڵمان, زمان, لە ساڵەکانی یەکەمی زانکۆیدا رۆژهەلاٌتناسەکان دەبینێ و بە پێی میتۆد و زمانەکەیان دەخوێنێ و دەخوێنێتەوە و دواتر لە ولاٌتەکەشیاندا کارەکانی تەواودەکات, بە چ پێودانگێکە لە ناو کەسایەتی بابەتە ئیسلامییەکاندا

دەبێتە دەستێکی کاریگەر و ئەو هەموو کتێب و بابەت و کۆرسانە بەرهەمدێنێ و دواتریش بۆ دنەدان لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمریکا بگرە گشت کیشوەرەکانی جیهانەوە بانگهێشتدەکرێ, لە هەمانکاتیشدا متمانەی زۆرێك لە توێژەرەوە



جیهانییەکانە و لەوەش زیاتر لای لێپرسراو و گەورە پیاوانی سیاسەت پێگە و رێزێکی ناوازەی بۆ دادەنرێ. ؟

هەولێکی زۆر دراوە بۆ پۆلێنکردنی ئارگۆن, داخۆ رۆژهەلاتناسێکە یان توێژەرێکی موسلمانە.؟ لە هەولەکانی وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە چەردەیەك (جەدەل و ئارگۆمێنت) لە رۆژهەلات و رۆژئاوا خۆی دەردەخات, لە رۆژهەلات واتە لە ولاتی عەرەبی و ئیسلامەکان محەممەد ئارگۆن خراوەتە ژینگەی رۆژهەلاتناسەکانەوە و بەلگەی ئەم پرۆسەیەش لای ئەوان, رەخنەی ئارگۆنە بۆ ئیسلام و میتۆدە زانستییەکان بەدەر لە پیرۆزکردن و بە بڤەسەیرکردنی دۆگمەکان, بەلام لە رۆژئاوا پێیانوایە ئارگۆن بە ستایلێکی جیاوازەوە دەربارەی گرفتەکانی لۆژێکی ئیسلامی دەنووسێ و بۆ ئەم بابەتە تێزە بنەڕتییەکانی بەکارهێناوە, لە نامەی دکتۆراکەشیەوە خۆی یەکلاکۆدووەتەوە بۆ رەخنە لە زەینی رۆژهەلاتناسی, ئالۆزی زمانەکەی , تایبەتمەندی وشەکانی, هەلکۆلراو و دەستەواژە نامۆکانی رۆلێکی بەرچاویان هەیە لە تێگەیشتنی سانا لەوەی دەینووسێ و هەمیشە رۆژهەلات و رۆژئاوا بە ئالۆز ناوزەددەکرێ.

زۆر بە کەمی بەرهەمەکانی کراون بە عەرەبی, ئەگەر کراشبێ وەرگێڕانەکەی ئاسان و رووننەبووە تا ئەو دەمەی بۆچوونەکانی توێژەری شێلگیر (هاشم سالّح) ناچاربوو بۆ تێگەیاندنی خوێنەر لە بیروبۆچوونەکانی ئارگۆن و دەرخی زمانەکەی, لە پەراوێزی کتێبەکانیدا شیکاری دەستەواژە و بیروڕاکانی بکات.

هەرلەبەر ئەم هۆیە لەگەڵ ئەوەی تەرەفدار و لایەنگری راکانی ئارگون بوونیان هەیە, بەلاّم لە زانکۆ عەرەبییەکاندا (هێشتا) لە قۆناغی گەشەکردندایە و ئەم پرۆسەیەش زۆر بە سستی بەڕێوەدەچێ.

لای ئەو توێژەرە موسڵمانانەی کە لە سۆربۆن و پاریس خوێندوویانە, راکانی ئارگون جیاوازە, بۆیە هەندێکیان پێیانوایە یەکێکە لە رۆژهەلاّتناسەکان, لە هەمانکاتدا لە میتۆددا لەو کەسانە دووردەکەوێتەوە کە لە رۆژئاوا بوونەتە توێژەری زانستە ئیسلامییەکان, بۆیە ئارگۆن ماوەیەکی دوورنابێ, لە پرۆسەی رۆژهەلاّتناسیدا لە بنەما و دیسپلنەکانی رۆژهەلاّتناسی قوتاریبووە.

لە ئێستادا ئارگون زیندووە, قسەدەکات و کتێب دەنووسێ, بە چەپ و راستدا توێژینەوەکانی بلاّودەکاتەوە بۆیە دەتوانیت پێگەکەی دیارییبکەیت, واتە بزانین داخۆ رۆژهەلاّتناسە یان نا.

ئەم کارە لەلایەکەوە ئاسانە چونکە خودی خۆی دەتوانێ بەشداربێ و بەرپەرچبێ , مکوڕبێ یاخۆ پشتڕاستی سەرنجەکان بکاتەوە, بەلاّم لەلایەکیترەوە ئەستەمە لەبەرئەوەی هێشتا پێنووسەکەی دانەناوە, لە جووڵەدایە, دەستەواژەکانی هەڵدەکۆڵێ, لەمەش زیاتر بەردەوامە لەسەر بەرچاوخستنی پرۆژە گەورەکەی کە ناوی (پراکتیکی بابەتە ئیسلامییەکان)ی لێناوە.

گرفتەکان بەردەوامن, بەلاّم داخۆ ئارگون خۆی بە رۆژهەلاّتناس دەزانێ.؟ گرنگی ئەم بابەتە لە چیدایە.؟

## ئارگون چۆن خۆی پێشكەشدەكات

لە گفتوگۆیەكی رووبەڕوودا لەگەڵ ئەحمەد ئەلشێخ لە ژێر ناونیشانی (گفتوگۆی ڕۆژهەلاٚتناسی) ئارگون خراوەتە ناو بیست گەورە رۆژهەلاٚتناسی بەناوبانگەوە, ئەحمەد لە لاپەڕە ٦٣دا دەڵێ:

لە چوارچێوەی گفتوگۆكانم لەگەڵ رۆژهەلاٚتناسە فەرەنسییەكان رووملكردە پرۆفیسۆر محەممەد ئارگون كە بە رەچەڵەك جەزائیرییە, پرسیارم لێكرد ئەو چۆن ئەم واقیعانە تەفسیردەكات: هەندێك پێیانوایە رۆژهەلاٚتناس وەك (جان بێر, برۆنسێڵ، هۆگۆز) لە بابەتێكدا لە ژمارەیەكی رۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی نووسیویەتی, هەندێكیش بە رادیكاڵی دەیدەنەقەڵەم وەك (ئۆلیڤەر كاریە) لە كتێبەكیدا بە ناوی (سید قوتب) (خوێندنەوەیەكی شۆرشینە بۆ قورئان) باسدەكات , لای هەندێكیتركتێبەكانی ئارگون لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامە.؟

ئەم جیاوازییانەم خستنەبەردەم ئارگون و داوام لێكرد هەڵوێستی خۆی دەربارەی جوولاٚنەوەی رۆژهەلاٚتناسی دەستنیشانبكات.

ئەمەوێ تێبینییەك بدەم بەو كەسانەی پێیانوایە من دەربارەی رۆژهەلاٚتناس و رۆژهەلاٚتناسەكان دەنووسم , هەموو ئەو كتێبانەیان نەخوێندووەتەوە تا ئێستا نووسیومن, كتێبی یەكەمم كە چارەسەری ئەو بابەتە دەكات ناوی (مرۆڤ بوون لە سەدەی چواری كۆچی )یم لێناوە, لەوێدا گەوهەری رۆشنبیری عەرەبیم لە ماوەیەكی دیاریكراودا كۆڵیوەتەوە, بە رای من ئەو سەردەمە گرنگترین ئەو ساتانەیە لەمرۆدا مێژووی فیكری عەرەبی پێ تاوتوێدەكرێ, پشتم بە دەقی زۆرێك لە بیریارە موسڵمانەكان بەستووە.

لەو توێژینەوەی كە لە شەستەكاندا نووسیومە, هەوڵمداوە بەرپەرچی میتۆدی رۆژهەلاٚتناسەكان لە باسی فەلسەفەی عەرەبی و بیری ئیسلامی بە شێوەیەكی گشتی بدەمەوە هەڵوێستی من لەوێدا پەیوەندی بە گشت رۆشنبیری عەرەبی و

ئیسلامییەوە هەیە, ئەمەش هەڵوێستێکی جەزائیرییانەیە لە جەزائیر گەورە دەبێ و لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا لەو وڵاتە دەژی.

ئەوەی لە ناخمدا بوو هەمان حاڵەتی هاوڕێکانم بوو, پەرچەکردارێك بوو بۆ ئەو لاوازییەی کە لە ناو ئەو زانکۆ جەزائیرییانەی مامۆستا فەرەنسییەکان وانەیان تێدادەوتەوە, بە دەستییەوە دەمانناڵاند, رەوشی سەردەستەی ئەو کاتە, رەوشی کۆلۆنیاڵ بوو, ئێمەش دەمانویست لە بەرامبەریدا بووەستین و رزگارمان بێت لە دەستی, ئەم هەستەم بەسەر ئەو کتێبانەوە کە لە پەنجاکاندا لە جەزائیر نووسیبووم جێدەستی خۆیان دیاریکردبوو, زیاتر کلێپەوتینی رۆشنبیری و فیکری تاکێکی جەزائیری بەسەریاندا دەچەسپێ کە لە نێوان ئامانجەکانی رزگارکردنی جەزائیر و ئەو بیروبۆچوونانەی کە لە رێگای فەرەنساوە بۆمان دەهات, خۆی وێنادەکرد , بەڵام وەکو توێژەرێك راستەوخۆ باسی ئەم حاڵەتەم نەکردووە.

ئەو کەسەی بە قووڵی ئەوەی نووسیومە و ئەوەی دەینووسم بیخوێنێتەوە, دەتوانێ لە بۆچوون و ئاراستەکانمدا ئەم خورپە پەیوەستەی لکاوە بە زەمەنی کۆلۆنیاڵەوە هەستپێبکات.

ئارگون لێرەدا وەك ئەوخوێندکارە عەرەبانە وایە کە لە زانکۆکانی فەرەنسادا دروستبوون.. غەمەکانی هاوشێوەیی غەمی هاوڕێکانی وایە کاتێ لەگەڵ زانکۆ و مامۆستاکانیاندا دەهاتنە ئاخافتنن, ئەیەوێ لەگەڵ رۆژهەڵاتناس و زانکۆدا بەربەرەکانێیەکی ئایدۆلۆژیانە بسازێنێ, بەڵام کاتێك دێتە فەرەنسا لە روانگەیەکیترەوە رۆژهەڵاتناسی بەدیدەکات و ئاماژەدەدات:

هەرئەمەم لە پاریسدا دۆزییەوە, ئێستاش لە دژی خەبات دەکەم, بەڵام بە شێوەی میتۆد و مەعریفە نەك لە رێگای بەربەرەکانێی ئایدۆلۆژیاوە.. هەر لە هەمانکاتدا بانگەشەدەکات بۆ:

(زەرورەتی گۆڕینی ئەو میتۆدانەی موسولمانەکان فیکری ئیسلامی و داناکانی شەریعەتیان لەسەر بوونیادناوە) لێرەدا پێدەچێ ترسی ئەوەی لێنیشتبێ لەسەر

یەكێك لەو دوو باڵە بدرێتەقەڵەم, بۆیە بە روونی دوپاتیدەكاتەوە: لەبەرئەمە رەخنەیەكی توندم هەیە بەرامبەر ئەو رۆژهەڵاتناسەی دوورن لە میتۆدە سەردەمییەكانەوە.

موسڵمانەكانیش جێگای رەخنەن چونكە بەو لافەی موڵكی (رۆژئاوان) خۆیان لە میتۆدە سەردەمییەكان دورخستووەتەوە , ئەم قسەیە زۆر بێمانایە, ئایالۆژیكی تایبەت بە رۆژئاوا و لۆژیكی تایبەت بە موسڵمانان بوونی هەیە.؟ ئێمە مرۆڤین هەموو بابەتە مەعریفییەكان پەیوەستن بە زانینەوە لەسەر ئەم بنەما دەروونی و بنەڕەتییەوە پێویستە رەخنە لە مەعریفە بگرین, لە هەر كلتور و رۆشنبیرییەكدابێ, رەخنە ئاراستەی ئەو ئەزموون و تەرزەبكەینەوە كە لۆژیكی مرۆڤ بەرهەمیهێناوە, ئیتر گرنگ نییە ئەو بابەتە, یابانییەك, ئەفریقییەك یاخود موسولمانێكی لە پشتەوەیە.

## رەخنەی رۆژهەڵاتناسی

لە ناوەڕۆكیدا زۆر بە كەمی رەخنە لە پرۆسەی رۆژهەڵاتناسیدا دەبینرێ و بە دانسقە رەخنە بەسەر رووبەر و میتۆد و بیری كارەكانیاوە زاڵە, بەلآم لە دەرەوە واتە لای موسڵمانەكان بابەتەكە ئاڵۆزاوییە و بە ئاسانی و خێرایی بڕیاری تێدانادرێ, ئەگەر پنتێكی دیاریكراو سەرەتا وەربگرین, سەرەتای رێنسانسی عەرەب و موسڵمانەكان لە رێگای دروستبوونی زانكۆ عەرەبی و نائایینیەكانەوە و قسەكردن لە رۆژهەڵاتناسی و رۆژهەڵاتناسەكان تێیاندا دەستنیشاندەكەین.

پێش ئەوەش نزیكەی سەدەیەك لە دەركەوتنی ئەو بابەتە, گفتوگۆكانی تەهتاوی لەگەڵ دۆس و هاوڕێكانیدا سەریهەڵداوە, بەلآم سەرەتاكانی پێگەیشتنی جەستەیی لەو كاتەوە دەستپێدەكات (ئەفغانی و عەبدە) كە پەیوەندییەكی راستەوخۆیان بە سمبولەكانی رۆژهەڵاتناسیوە بووە, دێنە ناوبازنەی زانكۆی قاهیرە دوای ئەوەش ژمارەیەك رۆژهەڵاتناس لە ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە بۆ هەمان زانكۆ بانگهێشتدەكرێن , ئێستاشی لەگەڵدابێ ناوەكانی: كارلۆ نالّلینۆ مامۆستای

مێژوویی ئەدەبی عەرەبی تا سەردەمی ئەمەوییەکان, سێنتلاّنا مامۆستای مێژووی فەلسەفەی ئیسلامی و مێژویی وەرگێڕان, میلۆنی مامۆستای رۆژهەلاّتی کۆن, ئینۆلیتمان مامۆستای زاراوە سامییەکان, جێی رێزن و ئەو هەوڵ و کۆششانەی داویانە بۆ توێژینەوەی کلتوری ئیسلامی و بلاّوەپێکردنی, بەرزدەنرخێندرێن, بەلاّم هەر لەو کاتەدا قسە لەسەر هەندێ هەڵوێستی ئایدۆلۆژییانەی رۆژهەلاّتناسی کراوە و بەردەوام توێژینەوە و رەخنە ئامێزەکانی دژ بە رۆژهەلاتناسی رچەیان گرت و لە ژێرکاریکەریی هەر دوو رواڵەتی میتۆد و سۆزداری و ئایدۆلۆژی دەرکەوتن .

پاشان ئیدوارد سەعید هات دەروازەیەکی نوێی کردەوە و چەندەها شیکاری مێژوویی و ئەدەبی و دەروونی دروستکرد, تا ئەوپەڕی بابەتییانە تاوتوێکانی نیشاندا و توێژەرە رۆژهەلاّتی و رۆژئاواییەکان و خودی رۆژهەلاّتناسەکانی ناچارکرد, بیخوێننەوە و رێزی لێبگرن.

ئایا ئارگون و رەخنە رۆژهەلاّتناسییەکەی لە کویدایە.؟ توانا بێئەندازە و ئالۆزاوی و ئاوێتە و ناوازەکانی بۆ تێپەڕاندنی سنوورەکە بۆ تیپەڕاندنی سنوور و قەڵەمبازی کات و شوێن کەی دەردەکەوێ.؟ ئەو کەسەی رەخنە لە رۆژهەلاّتناس و رۆژهەلاتناسی دەگرێ  بە وەدا دەناسرێتەوە تێکەڵە بە پرۆسەکە و لە تیڕوانینەکانیدا بووەتە خاوەن رەنگ و بونیادێکی سەربەخۆ و بە میتۆدێکی بێلایەنانەوە کاردەکات, چی دەڵێ.؟

## ئارگون و رەخنەی رۆژهەلاّتناس

بە پێی قسەی خۆی لە چمکی نیشتمانییەوە واتە چمکی کەسایەتی جەزائیری و ئامانجەکانی رزگاربوونی پرسیخنانی ئایدۆلۆژی ئەو ولاّتە, لە دەستی داگیرکەر, گواستوویەتییەوە بۆ سۆربۆن, ئەمەش بۆ خۆی لایەنێکی هۆشیارانەیە و کەسایەتییەکەی بارگاوی لێدروستکردووە:

کاتێ گواستمەوە پاریس٬ دریژەم بە خویندن دا، کارامەیی دەروونی و رۆشنبیریم فراوانبوو, ئەو کات زانیم ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین رۆژهەڵاتناسی لە راستیدا جووڵەیەکی زانستی پەراوێزییە, بە هۆی کەڵەکەبوونی هەندێ هۆکار, بە رای ئێمە وا دەردەکەوێ رەخنەی ئارگون بۆ رۆژهەڵاتناسی رەخنەیەکی ناوخۆییە, وەك ئەوەی لە ناواخنی خودی پرۆسەکەوە هاتبێ و لە دیوی ناوەوە بەدیبکات و بە مۆتیڤی جوگرافی و مێژوویی و فیکری, کاری رەخنەی بۆ ئەنجامبدات, ئەم ستایلەی ئارگون کاری لەسەر دەکات, راستەوخۆ بەرەو ریشەکانی رۆژهەڵاتناسی و قووڵایی و میتۆدی پرۆسەکە ملی رێی پێدەگرێ, بەڵام ئایا بەم فۆرمە و ئەوەی لە ناخیدا لە پێدراو و پێکهاتە و گەشەی توێکڵداری ئاراستەهێڵ بەرەو زیندووکردنەوەی ئەو پرۆسەیەی ناوی(زانستی نزیکگەرایی) واتە(توێژینەوەی کلتور و زانستە رۆژئاواییەکان بە نیگای رۆژهەڵاتی) بەسەردا سەپێنراوە, ئارگون دەتوانێ شەنوکەوی بێلایەنەی رۆژهەڵاتناسی بکات یان نا.؟

دەبێ ئەوە بزانین, ئارگون نە بە میتۆدەوە نە جوگرافیا و لە دەروەی رۆژهەڵاتناسیوە نەهاتووە, پاشان پرۆژەی نزیکگەرایی هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکاندایە.

لەمەش زیاتر پرۆژەیەکە هەنووکە بە دوای چوارچێوە و میتۆد و میکانیزمەکانیدا وێڵە.. بەردەوام لە دڵەڕاوکێدایە و چواردەوری بەو پرسیارە ئاڵۆزانە تەندراوە کە رەخنە لەسەر خودی پرۆسەکە دروستدەکات, مەرج نییە رەخنەی رۆژهەڵاتناسی مانای (رۆژئاوا گەریی) بدات بە دەستەوە, یەکەم رووی لە توێژینەوەی سمبول و میتۆدە مانیفێستکراوەکانە لە دیرزەمانەوە.. دووەمیش واتە (رۆژئاوا گەریی).

رووی لە رۆژئاوا و کلتورە جۆربەجۆرەکانیەتی کە زیاتر لە جیهانێکی شێوە (خۆخۆیی فراوانی فلَت دەچێ) بە دەر لەم تێڕوانینەش بۆ رەخنەی ئارگون لە پرۆسەکە ئایا لە توێژینەوەکانیدا بە روانینیکی ناوخۆییەوە ئارگون دەیەوێ کەمتەرخەمی رۆژهەڵاتناس ئاشکرابکات و دواتر بنەمایەکی بۆ دابنێ کە پیشتر

پرۆسەکە نەبیووە و لەبەرئەمەیە هەولّی بۆ دەدات.؟ ئەو دەڵێ ڕۆژهەڵاتناسی جوولانەوەیەکی زانستی پەراوێزە لەم کاتەدا هیچ تۆمەتێکی جوگرافی ئاراستەناکات بەڵکو لە لوتکەی خۆیدا ڕۆژهەڵاتناسی جێدێڵێ, بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئاماژەدەدات:

مەبەستم بە توێژینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان لە زانکۆکانی ڕۆژئاواوەیە, لە کونجێکی زانکۆدا متبووە و سەراپای ژیانی زانکۆی داگیرنەکردووە, ئەو توێژینەوانە زیاتر تایبەتن بە هەندێ کەس دەیانەوێ لە بابەتگەلێکی دووردا ڕۆبچن کە بە لای بیری ڕۆژئاوا و ورۆشنبیری و کلتورەکەیەوە جێگای گرنگی پێدانە.

ئەم دەستەواژە وامان لێئەکات بڵێین ڕەخنەی ئارگونی بۆ ڕۆژهەڵاتناسی لە ناوەڕۆکیەوە دێت و لە هەمانکاتیشدا ئاراستەیدەکرێتەوە, زۆرێك لە توێژەرە عەرەب و موسڵمانەکان بگرە ڕۆژئاواییەکانیش وایبۆناچن ئارگون دەیەوێ بگەڕێتەوە ناو حەوشی ئیسلام و موسڵمانەکان و سۆزی بۆ هەڵبژێرێ یاخود ڕەخنە ئاراستەی ڕەخنەگرانی ئەم جیهانە بکات.

ئەم هەستەش لە ئاست ئارگۆندا دێتەبوون لە ئەنجامی ڕۆشاندنێکی ساکاری لایەنی کەسایەتی و سۆزداری ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بە زانست و توێژینەوە نییە.. لەم روانگەوە ئێمە پێمانوایە ئارگۆن نەگۆڕاوە و هیچ سنوورێکیشی بۆ ئەو ڕێگایە دانەناوە کە هەنگاوی یەکەمی لێوەهەڵگرت. کتێبی یەکەم کە چارەسەری ئەو بابەتە دەکات ناوی (مرۆڤ بوون لە سەدەی چواری کۆچی)یم لێناوە.. لەو توێژینەوەیەدا کە لە شتەکاندا نووسیومە, هەوڵمداوە بەرپەرچی میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە باسی فەلسەفەی عەرەبی و بیری ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتی بدەمەوە.

ئەوەی ئێمە پێیدەڵێین نەگۆڕان لە ئارگۆندا, دەشێ قووڵبوونەوەی بۆچوون و جیهانبینی و شارەزاییەکی بێسنوور بێ لە کەسایەتیدا نەك, وەرچەرخان لە

ئاراستەی بیرکردنەوەدا, ئەگەر ئەو رۆژە گەڕایەوە و مکوڕبوو لەسەر پەراوێزبوونی رۆژهەلأتناسی , لەو ساتەدا لە ناواخنی کۆمەڵگای زانستی رۆژئاواوە دیَ, چونکە وا دەردەکەویَ زیاتر لە رۆژهەلأتناسەکان, ئارگۆن شارەزاییەکی بیۆێنەی لە پێویستییەکانی کۆمەڵگایی رۆژئاوایی و ئاتاجی کلتور و رۆشنبیرییەکەی هەیە لە ئاست جیهانبینی یەك کە رۆژهەلأتناسی لە ناسناوی میکانیزمی کۆلۆنیاڵ رزگاردەکات, ئەگەر وا بوو ئەوکات تانەیەك دەخاتە سەر لۆژیکی پرۆسەکە و بە کەمتەرخەم و هەگبەبەتاڵ نرخاندوویەتی.

بەلأم ناکریَ لە پێشبڕکێی موسولمانەکاندا بە بەری بدرێتەقەڵەم , چونکە ئەو لە روانگەی کۆمەڵگای رۆژئاوا و پێویستی و غەمەکانییەوە و ناهەماهەنگبوونی رۆژهەلأت لەگەڵیدا سەنگەردەگریَ, لەلایەکیتریشەوە لە ئیدوارد سەعید جیادەبێتەوە, ئیدوارد سەعید لە پێشەکییەکەیدا دەنووسیَ: ئەگەر ئێمە کتومت کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەوە وەربگرین دەکریَ رۆژهەلأتناسی تاوتویَ بکریَ, وەك دامەزراوەیەکی هاوبەش بۆ مامەڵە لەگەڵ رۆژهەلات شیکار بکریَ, مامەڵە بەو مانایە راپۆرتی لەبارەوە بدریَ, رای لەسەر بوتریَ دانیپێدابنریَ, وەسفی بکریَ, لێبتوێژرێتەوە , تێیدا نیشتەجێبن و دەسەلأتبگرن بەسەریدا.

رۆژهەلأتناسی وەك ستایلێکی رۆژئاوایی, بۆ زاڵبوون بەسەر رۆژهەلأتدا و دووبارە بونیادنانەوە و رەشۆکردنی).

لێرەدا یەکەم جیاوازی دێتە هزری خوێنەر, پێیوایە:

١-توێژینەوەی عەرەبی و ئیسلامی (رۆژهەلأتناسی) لە زانکۆ رۆژئاواییەکاندا گۆشەگیرە و سەراپای ژیانی زانکۆی نەگرتووەتەوە.

٢-رۆژهەلأتناسی توێژینەوەیەکی تایبەتە, یاخود تاکگەرییە بۆ هەندیَ کەس کە دەیانەویَ لە بابەتێکدا رۆبچن, کلتور و بیری رۆژئاوایی بە لایەوە گرنگە, بەلأم ئیدوارد بەم شێوەیە دەیبینیَ:

ڕۆژهەلاتناس, دامەزراوەیەکە, کارێکی دەستەجەمعییە, بەلام دامەزراوەکە کێیە.. ئایا تەنها خودی ڕۆژهەلاتناسەکان یاخود ئەوان بەشێکن لە قەوارەیەکی گەورە, ئەم پرسە بە لای ئیدواردەوە گرنگ نییە و ئەوەی مەبەستیەتی بریتییە لە:

١- چۆن ئەم مامەڵە تەواودەبێ.؟ لە ڕێگەی: ڕاپۆرتدان, ڕاوتن, دانپیانان, وەسفکردن, توێژینەوە.

٢- نیشتەجێبوون تێیدا و دەسەلاتگرتن بەسەریدا.. ڕۆژهەلاتناس وەك ستایلێکی ڕۆژئاوایی, بۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆژهەلاتدا و دووبارە بونیادنانەوە و ڕەشۆکردنی.

ئەم بەراووردە بۆ.؟

لێرەدا ناتوانین بەشبەشکردن یاخود وردکردنەوەیەکی تەواو ئەنجامبدەین, چونکە بەراوردی ڕۆژهەلاتناسی لە ئیدوارد سەعیدەوە تا محەممەد ئارگون پێویستی بە شیکردنەوەیەکی قووڵی کارەکانی هەر دوو توێژەر هەیە, لەمەودواش سەرەڕای جیاوازی لە دەستپێکی پرۆسەکە و میکانیزمەکانی لای هەر دوو بڕیار, زۆرجار پێکدەگەنەوە و یەکتری تەواودەکەن , بەلام ئەوەی دەمانەوێ ئێستا پەنجەی لەسەر دابنێین, ئەو ئەرزەیە ئارگون تێیدا تەریکدەکەوێ و وەك هەرکاری دووەمی ڕەخنەی ڕۆژهەلاتناسی و ڕۆژهەلاتناسەکان, بە تێڕوانینێکی زانستی ئەکادیمی ڕوون, لای ئەو دەستپێدەکات:

ڕۆژهەلاتناسەکان گرفتەکانی توێژینەوە و میتۆدە نوییەکانی ئەو بوارە, تەبەنیناکەن و پرۆگرامی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆ ڕۆژئاواییەکاندا دانراوی پەنجا و شەستەکانە, بۆیە کاتێ بەراووردی ئەو میتۆدانە دەکەین ڕۆژهەلاتناسەکان بەو پرۆگرامانەی توێژەر و مێژووزان و ئەنترۆپۆلۆژییەکان و زمانەوانەکان کاری لەسەردەکەن بەرهەمیانهێناوە, جیاوازییەکی گەورە لە میتۆدە ڕۆژهەلاتناسەکان ئاگایان لە دەستکەوتی ئەکادیمی لە سەرجەم بوارەکاندا نییە.

بەم شێوە بێ محەممەد ئارگون باسیدەکات, ئەوان گۆشەگیربوون, نەك تەنها لە زانکۆکاندا, بەڵکو لە ناو بەشەکانیشدا, ئەم حاڵە هەستپێدەکرێ, ئەم واقیعە زۆر پڕکارەساتە. چونکە هەمیشە لە زاوزێ و موتوربەکردندایە و لە ئاکامیشدا بە نێگەتیف بەسەر زانستە ئیسلامییەکاندا دەشکێتەوە, خوێندکارە موسوڵمانەکان لە وڵاتەکانی خۆیانەوە دێنەناو ئەو بەشانە, بەڵام کاتێك دەگەڕێنەوە کۆمەڵگاکانیان, چەردەیەك هەڵە و رەشبینی دەخەنە هزری چواردەورەکانیان.

هەرکەس بە وردی نووسراوەکانی ئارگۆنی خوێندبێتەوە, یاخود گوێڕادێری وانەکانی بووبێت, هەستدەکات زۆر بە توندی هێرشدەکاتە سەر ئەو کەسانەی میتۆدە سەردەمییەکان و گرفتە نوێیەکانی ئەو بوارە, پشتگوێدەخەن.

<u>لە دوو قوڵەوە ئەم سەرنجە ئاراستەدەکات :</u>

**١- بۆ توێژەر و لێکۆڵەرە رۆژهەڵاتناسەکان:**

ئەمە هەڵوێستی راستەقینەی منە سەبارەت بە رۆژهەڵاتناس بۆ ماوەی ئەم چەند ساڵە بە بەردەوام, لە وانە و کتێبەکاندا بانگەشەی ئەوە دەکەم پرۆگرامەکانی سەردەم لە توێژینەوە ئیسلامییەکاندا پراکتیك بکرێت.

**٢- بۆ توێژەر و لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان:**

پێویستە لێکۆڵەرە موسوڵمانەکان لە رەخنەی ئایدۆلۆژی ئەرگۆمێنتەوە بگوازنەوە بۆ رەخنەی زانستی و مەعریفی, ئەگەر ئەم کارەبکەن, ئەوکات دەزانن پێویستە ئەو میتۆدانەی توێژەرە ئیسلامییەکان لە فیکری ئیسلامی و بابەتە ئیسلامییەکاندا, کاریان لەسەردەکەن, گۆڕانی بەسەردا بێ, چونکە ئەگەر ئەپستمۆلۆژیا بە گرنگ نەگرین, ناتوانین لە مۆدێرنەکردنی ئەو باسانەی بابەتە ئیسلامییەکانی تێدا کۆبووەتەوە پێشڕەویبکەین.

پاشان پێداگریدەکات و دووبارەیدەکاتەوە: لەبەرئەمە رەخنەی توندم هەیە بەرامبەر ئەو رۆژهەڵاتناسانەی دوورن لە میتۆدە سەردەمییەکانەوە.. هەروەك

موسڵمانەكانیش جێگای ڕەخنەن, چونكە بەو لافەی (ڕۆژئاواییێن) لەو میتۆدانە دووركەوتوونەتەوە.
ڕەخنەی ئارگۆن لە موسڵمان و عەرەبەكان لە دێرزەمانەوە دەستپێكردووە, لەم ڕەهەندەدا بە شێوەیەكی زۆرتر لە هێڵەپان و بوارە گشتییەكاندا كاردەكات, دەگونجی ئەم تەرزەی ئارگۆن شانبەشانی ئەو تەنگپێهەڵچنینە بێت لە وڵاتە ئیسلامییەكاندا ڕووبەڕووی توێژەر و بیریارانی دەبێتەوە, چونكە كەمتر دەچێتەناو درێژە و تاوتوێی وردی بروزەكانی فیكری ئیسلامی.
بەڵام لە بەرامبەردا ڕەخنەی ئارگون بۆ (بیری ڕۆژهەڵاتناسی ) بە ڕەخنەیەكی زانستی و میتۆدیانە دەستپێدەكات, هەروەك خۆشی دەڵێ: ئەم تەرزە لای ئەو نوێیە و هەمیشە لە حاڵەتی بەردەوامی و گەشەدایە, جیاوازی نێوان وەرچەرخان و گەشەی ئەم ستایلەكاركردنەی ئارگون ئەوەیە, داوادەكات ڕۆژهەڵاتناسەكان ڕێچكەی ئەو لە پرۆسەی گەشەی ڕەخنەیی بگرنەبەر, بەو مانایەی وەك چۆن ئەو لە بەرهەمەكانیدا بەو فیكر و زەینە دەبەستێت تیۆریستە ڕۆژئاواییەكان و تێزەكانی شافیعی و ئیبن ڕۆشد و فارابی بەرهەمیانهێناوە, پێویستە بەو شێوازە ئەم بابەتانە ڕەنگدانەوە لەسەر میتۆدی كارەكانی ئەوان جێبێڵێ.. لەم بازنەدا گەورەترین تێبینییەك دەردەكەوێ, جیاوازی ئارگۆن و ڕۆژهەڵاتناسانە, چونكە ئەو خۆی بە ڕۆژهەڵاتناس ناناسێ.
چمكی كۆتایی لە ڕەخنەی ئارگۆندا بۆ ڕۆژهەڵاتناسەكان و پرۆسەی ڕۆژهەڵاتناسی كە دەمانەوێ لێرەدا یووەستین, سەرنجی ئارگۆنە لە مامەڵەی ڕۆژهەڵاتناسەكان لەگەڵ قورئان و ئەو توێژینەوانەی لە قورئانەوە سەرچاوەدەگرن, ڕەهەندی توێژینەوە قورئانییەكان لای ڕۆژهەڵاتناس و بگرە زۆرێك توێژەری موسڵمان, ڕەهەندێكە زیاتر سیمای متبوون و تەرێزكردنی پێوەدەبینرێت.
لە كتێبێكیدا بە ناوی (بیری ڕادیكاڵی و ئەستەمی بنبڕكردن بەرە و مێژوویەكیتری فیكری ئیسلامی) وەرگێڕدراوی هاشم ساڵح -٢٠٠٢, ئارگۆن بەشێكی لە ناو ئەو

کتێبەدا تەرخانکردووە بە ناوی (قورئان و توێژینەوە رەخنەییە سەردەمەکان) و لە رەخنەی رۆژهەڵاتناسەکاندا لەوێدا دەڵێ: دوو پێدراو باسدەکەین کە بە شکست دەدریتەقەڵەم لە ئاست ئەو رۆژهەڵاتناسە رۆژئاواییانەی میکانیزم و وەرگێڕاوەکانی لۆژیکی مێژوویی و فیلۆلۆجی تەبا لەگەڵ لۆژیکی زانستیدا بەکاردەهێنن:

١- هەموو رۆژهەڵاتناسەکان (جگەلە کەمێك) هیچ ئاسەوارێکیان دروستنەکردووە, تا تاوتوێی میتۆد و دڵەراوکێی ئەپستمۆلۆژیا دەوڵەمەندبکات, تەنها ئەو واقیعە فیزیکییە بەرهەستانەیان بە لاوە گرنگە بە واتا خۆماڵییەکانی خۆیان و بە پێوەدانی (چوارچێوەی مەعریفەی ویستراو) دەپێون و هەڵیدەبژێرن.

٢- دوو جۆر شارەزایی رۆژهەڵاتناسی بوونیان هەیە: باوەڕدار و بێباوەڕ, باوەڕدارەکان کاتێ لە کلتوری ئیسلامی دەکۆڵنەوە, رۆشنبیری لاهوتی مەسیحی و یەهودی خۆیان ئاوێتەی بابەتەکان دەکەن, بێباوەرەکانیش ئەوانەی بە نازانمەکان و هیچگەرایی و تەنانەت لائیکی دەناسرێن, بە تەواوەتی لە گوتاری ئایینیدا مانا و ئاماژەکان دەسڕنەوە یاخود پشتگوێیدەخەن, لێرەشەوە نایانەوێ بچنەناو تاوتوێی ئیمانەوە و بەو مانایە وەك دیسپلن و ئاکارگەلێکی دەرهاویشتە لە گشت باوەڕدارێکەوە هەڵقوولابێ بەڵکو بەو مانایەی ئیمان ببێتە ئاوێنەیەکی دەروونی, کۆمەلایەتی, مێژوویی, زمانەوانی, بەم شێوەیە دەبینین قەیرانی سێنتراڵبوونی, حەقیقەت بە تەواوەتی لە توێژینەوەی ئەکادیمی قورئاندا چۆڵکراوە, وەك روونیشە (راستەقینە) تیزێکە ئامانجی یەکەمی پێش هەموو شتێك دروستکردنی پێودانگێکی رەها و پیرۆزە بۆ راستەقینەی بالا, بەو مانایەی دەبێتە هەبوو واقیعێکی راستەقینە یاخود (لوغزی راست لە زمانی قورئاندا) وەك دەبینین بابەتی سێنتراڵ سەبارەت بە لۆژیکی ئایینی, وەك زەینی فەلسەفی زیاتر رەخنە و پێشرەوی وەردەگرێ, بەلام بەداخەوە ئەم بابەتە لای ئەو توێژەرەوانە بە کەمتەرخەمی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

ئەم رەخنەیەی ئارگۆن سەبارەت بە توێژینەوەی قورئان لە زانکۆ رۆژئاواییەکاندا بە درێژی هێنامان بەو ئامانجەی رووپەڕی توێژینەوە کە فراوانبکەین, لەلایەکیتریشەوە هەستدەکەین لە چمکێکیتری رۆژهەڵاتناسیدا (توێژینەوە سامییەکان) هەندێ بابەتی هاوشێوە و تێکەڵکراو پشتگوێخراو بوونی هەیە.
ماوەتەوە بڵێین ئەم پۆلێنەی ئارگۆن بۆ رۆژهەڵاتناسەکانی کردووە, ئاسەوارەکانی بێباوەڕی و باوەڕداری بە هەموو جۆر و پلەکانیەوە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر ئەو بابەتەی رۆژهەلاتناسێك دەیخاتەڕوو.